# وشەکانمان لە پێوەند بەساڵیادی راگەیاندنی رزگاری



**لە** ساڵرۆژی راگەیاندنی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە خۆم و سەرجەم هەڤاڵانی رزگاری دەکەم، هیوادارم هەموو ئەوانەی بە دڵسۆزیەوە کاریان بۆ سەنگەری رزگاری کردوە، هەموو کات شادو سەرفرازو سەرکەوتوو بن، هەر لەم یادەدا رێز و وەفادایم بۆ گیانی پاکی شەهیدانی حزب دووپات دەکەمەوە. لە ساڵڕۆژی راگەیاندنی رزگاریدا من و هەموو رزگاریە دڵسۆزەکان دەتوانین بە شانازییەوە باس لە رەوتی سەربەخۆخوازی حزب بکەین، بەدرێژایی ١٧ ساڵی رابردوو ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرو کادرە دڵسۆزەکان سەلماندیان کە راستگۆیانە درێژە بە ژیانی حزبایەتی دەدەن. سەرباری ئەوەی کە بەدرێژایی ئەو ١٧ ساڵە بەردەوام گوشار لەسەر حزب هەبووە، گرفت و ئاستەنگ لەسەر رێگەی گەشەی رزگاری داندراوە، بەڵام رزگاریە دڵسۆزەکان هیچ کات هیوابڕ نەبوونەو ئامادەش نەبوونە بڕیار و ویستی خۆیان لەکەدار بکەن.

من وەک کادرێک، وەک یەکێک لە ئەندامانی دامەزرێنەری رزگاری و وەک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی هەمیشە هەوڵمداوە کە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی بپارێزین، بەوهۆیەوە دژی ئەوانە بوومە کە لە رزگاری هەڵدەگەڕێنەوە، یان بەرد لە درەختی بەرداری رزگاری دەگرن، من هەمیشە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی رزگاری کە سەربەخۆیی و بەختەوەریە پێبەندی پەیڕەوی حزبی رزگاری بوومەو دەبم، ئێستاش پێداگرم لەسەر ئەوەی کە دەبێ وەک هەمیشە درێژە بە سیاسەتی سەربەخۆخوازانەی خۆمان بدەین، بۆ دەستکەوتی مادی و کاتی مێژووی رزگاری لەکەدار نەکەین.

بەهۆی ئەوەی کە من کەسێکی سەربەخۆخواز بوومە، پابەند بوومە بە ئەساسنامەکانی حزبی رزگاری و بیروراکانم بە راشکاوانە باس کردوە، لەوانەیە لەلایەن کەسانێکەوە دژایەتی کرابم، بەڵام من هەمیشە گیانی هەڤاڵەتیم پاراستوە، هەوڵیشم داوە کە بڕگەو رستەکانی بەرنامەی حزب وەکو خۆیان جێبەجێ بکرێن.

مێژووی رزگاری گەواهی دەدات کە وێڕای گوشارەکان، وێڕای هەبوونی کێشەو گرفتی جۆراوجۆر، وێڕای هاندانی خەڵک بە دژی رزگاری، بەڵام رزگاری درێژەی بە کاروانی خۆی داوە، هەروەها جێگەی شانازیە کە حزبی رزگاری لە رەوتی سەربەخۆیی و کاری سیاسی و حزبایەتی لای نەداوە، هەرچەند گوشارەکان زیاتر بووبن، رزگاریە دڵسۆزەکان زیاتر لەسەر ناسنامەی خۆیان سوورتر بوونە. بۆیە لەم بۆنەیەدا دووبارە پیرۆزبایی لە هەڤالان و خەڵکی سەربەخۆخوازی کوردستان دەکەم، هەروها زۆر بە گەرمیەوە دەستێ هەموو ئەو هەڤالانە دەگوشم کە دڵسۆزانە لە رێی رزگاریەوە خزمەتیان بەگەل و نیشتمانەکەمان کردوە. سوپاسی هەموو ئەو هەڤاڵە دڵسۆزانەش دەکەم کە وێڕای گرفتی دارایی و کەمدەرامەتی بەڵام سەربەرزانە درێژەیان بە کاروانی رزگاری داوە، سوپاس و رێزی تایبەتم بۆ ئەو هەڤاڵانەی کە بە پیلانی ناحەزان هەڵنەخەڵەتاون و نەکەوتونەتە سەنگەری ناحەزی.

**چالاک محەمەد عەبدلڕەحمان**



**ئەمڕۆ** ١٥ی ئابە، ساڵڕۆژی راگەیاندنی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستانە، بەوبۆنەیەوە پیرۆزبایی لە سەرجەم رزگاریە دڵسۆزەکان دەکەم، هەروەها رێزو شکۆمەندیم بۆ گیانی پاکی ئەوانەی دەنێرم کە گیانی خۆیان لە پێناو رزگاری و سەربەخۆییدا بەخت کرد.

لە یادی راگەیاندنی حزبە تێکۆشەرەکەمان دا بە روونی و بە ئاشکرایی رایدەگەیەنین کە ئێمە لە تیکۆشانی سەربەخۆخوازانەی خۆمان بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی رزگاری بەردەوام دەبین ، هەڵبەت ئەمەش بە پشتیوانی دڵسۆزان حزب و وڵاتپارێزان و دۆستەکانمان بە ئاکام دەگات، جا لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدابن.

١٥ی ئابی ١٩٩٣ کە ئێمە دەستەیەک کادر بووین و حزبی رزگاریی کوردستانمان راگەیاند، زۆر کەس پێیوابوو کە تەمەن کورت دەبین و بۆ ناو حزبێکی گەورەتر دەڕۆین، بەڵام ئێمە لەگەڵ بیروباوەڕی خۆمان راستگۆ بووین و بە راستگۆیی ماینەوە، هەرچەندە کە هەورازو نشێوی زۆر هاتە رێگەمان، بەڵام لارێ نەبووین و لە ئامانجە سەرەکیەکانمان دوور نەکەوتینەوە. ئێمە هەر لە سەرەتاوە بڕیارماندابوو کە بەشداری لەو شەڕە نێوخۆیەدا نەکەین کە بەرێوەیە، لە ئابی ١٩٩٣ کاتێک ئێمە دەمانگوت کە شەڕێکی براکوژی ماڵوێرانکەر بەرێوەیە، هەندێک لە سیاسیەکانی کوردستان گاڵتەیان بە بۆچوونەکانمان دەکرد، هەرچەندە کە حەزمان نەدەکرد ئەو پێشبینیەمان بێتە دی، بەڵام دوای نۆ مانگ پێشبینیەکەمان بوو بە راستی، ئەوێ رۆژێ ئێمە زۆر پەرۆشی ئاشتی و ژیانی فرەحزبی بووین، بەڵام بەدەر لە ویست و خواستی ئێمە شەڕی ناوەخۆ درێژەی کێشا، ئێستا کە کوردستان ئارامەو ئاشتی باڵی بەسەر باشووری کوردستاندا کێشاوە، ویژدانمان ئاسوودە، چونکە هەم بەشداریمان لە شەڕی ناوخۆدا نەکرد، هەمیش یەکێک لەحەزو ئاواتەکانی رزگاریەکان هاتەدی کە ئەویش ئاشتی و یەکتر پەسند کردن و رازیبوون بە ژیانی فرە حزبی لە کوردستاندا.

ئەگەر بە ویژدانەوە لاپەڕەکانی هەڵوێست و رامانەکانی رزگاری هەڵبدەینەوە، دەگەینە ئەو ئاکامەی کە حزبی رزگاریی کوردستان حزبێکی خاوەن هەڵوێستی شۆرشگێرانەو کوردستانیانەیە، ئەو هەڵوێستانەش وایکردوە کەسانی ناحەز سەنگەری لێبگرن و ئاستەنگ لەسەر ریگەی گەشەو پێشکەوتنی دابنێن، بەڵام مایەی خۆشحالیە کە رزگاریە دڵسۆزەکان لەسەر خەبات سوورتر بوونە، هەوڵیانداوە کە مێژوویێکی پاک و بێگەرد بۆ خۆیان و بۆ حزب و گەلەکەیان تۆمار بکەن.

لە کۆتاییدا جاریکی دیکەش پیرۆزبایی لە رزگاریەکان دەکەم، لێیاندەخوازم کە وەک هەمیشە دڵسۆزو خاوەن هەڵوێست بن و واقیعبینانە رەفتار لەگەڵ رووداوەکاندا بکەن.

**محەمەد سلیمان عەباس**

**بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندن**

# ١٥ی ئاب رۆژێکی پرشنگدارو بۆنەیەکی پیرۆز

رۆژی ١٥ی ئابی ١٩٩٣ دووەمین رۆژی دووەمین کۆنگرەی حزبی یەککرتنی کوردستان بوو، ئێمە دەستەیەک کادر بووین و خوازیاربوون کە حزبی یەککرتنی کوردستان هەڵنەوەشێتەوە، بەڵام کە بینیمان کۆنگرە درێژی پێنادرێ و بڕیاری پێشوەخت دراوە، ئێمەش بیرمان لە درێژەدان بە خەبات کردەوە، ئەوەبوو ژمارەیەک هەڤاڵ لە شوێنێک کۆبووینەوە کە جگە لە هەڤاڵ رێکار ئەحمەد کە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی یەککرتن بوو، ئەوانەی دیکەمان نوێنەرانی کۆنگرە بووین. لەو کۆبوونەوەیەکدا بڕیار وەگیرا کە درێژە بە کاروانی خەباتی خۆمان بدەین، هەر ئەو رۆژە راگەیاندراویکمان بڵاوکردەوەو ئاشکرامان کرد کە ئێمە دەمێنینەوەو درێژە بە کاروانی پێشومان دەدەین، هەر ئەو رۆژەش بارەگایەکمان گرت و رادیۆی دەنگی رزگاری دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

ئێمە سەرەتا ناوی حزبمان دیاری نەکردبوو، تەنیا گوتوبومان کە درێژە بە خەباتی خۆمان دەدەین، بۆیە لێکچوون و نارۆشنایی هەبو، دواتر لە کۆبوونەوەی فراوانی کادران دا، حزبی رزگاریی کوردستان راگەیەندرا.

ئێستا کە یادی ئەو رۆژە دەکەینەوە، دەبینین ئێمەی رزگاری یەکەمین کەس بووینە کە پێداگریمان لەسەر دیاردەی فرەحزبی کردوە، هەروەها حزبی رزگاریی کوردستان یەکەمین رێکخراوی سیاسی کوردستان بوە کە دروشمی بەرێوەبردنی ریفراندۆمی هێناوەتە ناو فەرهەنگی سیاسی کوردستانەوە.

وەک دەگوترێ هەموو کارێک بە هەنگاوێک دەست پێدەکات، رزگاریەکانیش یەکەمین هەنگاوی خۆیان لە رۆژی ١٥ی ئابی ١٩٩٣ دەست پێکرد. ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە دەبینین کە رامان و بۆچوون و پێشبینیەکانی رزگاری لە جێگەی خۆیان دابوونە، ئەو خوێندنەوەیەش بووە کە وایکردوە کە رزگاری پارێزگاری لە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی خۆی بکات و زیندوو بمێنێ.

هەندێک کەس پێیانوایە کە مانگی ئاب، مانگی تێفکرین و وردبوونەوەی سیاسیە لەکوردستان، چونکە لەو مانگەدا حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراون، لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤دا پارتی کریکارانی کوردستان بڕیاری هەڵگیرساندنی شۆرشی چەکداری داوە لە دژی سوپای تورکیا، لە ١٥ی ئابیشدا سەربەخۆخوازان حزبی رزگاریی کوردستانیان راگەیاندووە، لەو روانگەیەوە دەکرێ بڵێن کە ١٥ی ئاب بۆ ئێمەی سەربەخۆخوازن بۆنەیەکی پیرۆزە.

حزبی رزگاریی کوردستان چونکە پێداگری لەسەر بۆچوون و هەڵوێستەکانی خۆی کرد، لەسەردەمی شەڕی ناوەخۆدا کێشەو گرفتی بۆ دروست کرا، فۆتۆکۆپی بۆ دروست کرا، ئێستا ئەگەرچی رەوشی کوردستان گۆڕاوە، بەڵام دیسانەوە ستەم و نابەرابەری هەر بەردەوامە، هێشتا کوردستان بە مەنزلی سەربەخۆیی و بێوەیی نەگەیشتووە، ئەمەش وایکردوە کە حزبی رزگاری لەسەر ژیان و تێکۆشان بەردەوام بێ.

ئەو تێکۆشەرانەی کە رۆژی ١٥ی ئابی ١٩٩٣ حزبی رزگاریی کوردستانیان راگەیاند زۆر لە خۆبردوانەو خۆنەویستانە بۆ مانەوەو بەهێزبوونی رزگاری خەباتیان کردوەو دەیکەن، بەڵام بەداخەوە هەندێک لەوانەی کە دواتر هاتبونە ناو رزگاری، لە هەندێک وێستگەدا لێی هەڵگەڕاونەتەوەو هەوڵی دژایەتیکردنی رزگاریان داوە.



ئەوانی هەڵگەڕاونەتەوە مەبەستیان ئەوەبووە کە پرشنگداری و پیرۆزی ١٥ی ئاب بخەنە ژێر پرسیارەوە، بەڵام بە خۆڕاگری و ورەبەرزی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری حزبی رزگاری ئێستا ١٥ی ئاب هەر بە درەوشاوەیی و پیرۆزی ماوەتەوە، ئەوەتا ئەمساڵیش رزگاریەکان یادی ئەو رۆژە دەکەنەوە، بەوبۆنەیەشەوە بەڵین دووپات دەکەنەوە کە لەسەر خەبات و تێکۆشانی سەربەخۆخوازی بەردەوام بن.

هەموو ساڵیک کە یادی ١٥ی ئاب، ساڵڕۆژی رزگاری دەکەینەوە، سەیر دەکەین کە ئەزموونی سیاسیمان زۆرترو گەورەتر بووە، ئەوەش هانمان دەدات و سووربوون و ورەی زیاترمان پێدەبەخشێ.

پازدەی ئاب فێری کردین کە برایەتی و دۆستایەتی هەموو لایەنێک پەسند بکەین، بۆیە حزبی رزگاریی کوردستان هەوڵی داوەو تێکۆشاوە تا پەیوەندی برایانەی لەگەڵ هەموو لایەنە کوردستانیەکاندا هەبێ، هەوڵیداوە کە پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ هەموو هێزە شۆڕشگێرو ئازادیخوازەکانی گەلانی دیکەدا هەبێ، ئەگەر تا ئێستاش نەمانتوانی بێ ئەو ئاواتە بەجێ بهێنین، بەڵام لە داهاتوودا بۆ پەیوەندی برایانە لەگەڵ هێزە کوردستانیەکان و بۆ پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی گەلانی دیکە لێبڕاوانەتر کار دەکەین و تێدەکۆشین.

حزبی رزگاریی کوردستان پەیوەندی برایانەو دۆستانە بە کارێکی رەوا دەزانێ، بەڵام دەیەوێ هاوسەنگی لەنێوان لایەنەکاندا هەبێ، هاوسەنگی بەواتای خۆفەرز نەکردن و خۆ بەگەورەنەزانین. ئێمەی کوردستانی هەموومان بەیەکەوە ماڵی گەورەی کوردستانی پێکدەهێنین و هیچ کەس و هێزێک بەتەنیا ویست و ئیرادەی رەهای هەموو خەڵکی کوردستان نیە، بەڵام بە کۆکردنەوەی هێزە جۆراوجۆرەکان دەکرێ ویست و ئیرادەیەکی بەهێزتری خەڵک بەرجەستە بکرێ، ئەمەش لەرێگەی دروستکردن و بەهێزکردنی پەیوندی برایانەوە دابین و مسۆگەر دەبێت.

هەڵبەت ١٥ی ئاب بۆ ئێمەی رزگاری بەتەنیا رۆژی راگەیاندن نیە، بەڵکو رۆژی نوێبوونەوەو زیندوو راگرتنی کاروانی خەباتی سەربەخۆخوازیشە، بۆیە لەم رۆژەدا پەیمان بۆ گیانی شەهیدان نوێ دەکەینەوە و رێگەی ئەوان چۆل ناکەین، هەروەها بەڵین بە ئەندامان و سەربەخۆخوازانی کوردستانیش دەدەین کە بێوچان درێژە بە کاری حزبی بدەین و لەژێر گوشارو هەڕەشەکاندا رانەوەستین.

شکۆدار بێ ١٥ی ئاب.

**ئاری حوسێن**

**بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان**